www.kurdistannet.org
13-2-2007 21:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەنگ و ڕەنگی کەمئەندامانی کوردستان ... عمر کریم

Huk_96@yahoo. com

کەمئەندامانی کوردستان هەم لەلایەن کۆمەڵ و هەم لە لایەن حکومەتەوە پەراوێز خراون بۆ چارەسەر کردنی ئەم پەراوێز خستنەش تەنها ئەوە کەمئەندامان خۆیانن کە دەتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن بۆ دەرچوون لەو بارودۆخە، وە کەسانی دڵسۆز بە کەمئەندامیش هەن کە لە خۆمانەوە دەڕوانن کێشەکان و ڕۆڵی ئێمە دەبێتە هاندەر بۆ جوڵاندنی دڵسۆزیان بەرامبەرمان بۆیە پێویستە ئێمەی کەمئەندامان ئەو ڕاستیەمان لا رون بێت و خەم ساردنەبین و ئەوەی پێمان دەکرێت لە خستنە ڕوی کێشەی کەمئەندامان بە ئەنجامی بگەیەنین و نەیخەینە سبەینی، باشترین ڕێگەش نوسینە، وە سازدانی کۆڕ و کۆبونەوەی شیاو کاریگەر دەبێت و ڕێگەیەکە بۆ بەخۆ دا چونەوەی لایەنی بەرپرس و پەیوەندیدار بەکێشەکانمان



بەرنامەی T. v و ڕادیوش بە شێوەیەکی گونجاو پێویستە بۆ گۆڕینی ڕای کۆمەڵ بەرامبەر بە کەمئەندامان و دروست کردنی تێڕوانینێکی شیاو بۆ کەمئەندامان و خستنە ڕوی کێشەکان و دەست نیشان کردنی ڕێ و شوێنی پێویست بۆ چارەسەر کردنیان، لە ئێستاشدا دەرفەتی باش لە بەر دەست دایە بۆ کەمئەندامان بە تایبەت کە دوو بەرنامەی ڕادیوی و تەلەفزیۆنیمان هەیە بە ناوی (ڕوانگەی کەمئەندامان) لە تەفزیۆنی گەلی کوردستان و ڕادیۆی مەدەنیەت هەمیشە ئاوەڵان لە ڕووی کەمئەنداماندا بۆ هەرچ بابەت و نوسینێك کە هەیان بێت، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی و هیوا بەخشینە هەردوو بەرنامەکە لەلایەن کەمئەندامانەوە ئامادەو پێشکەش دەکرێت، زۆر لایەنی گرنگی کەمئەندامانی و وروژاندوە و تا ڕادەیەك کاری گەری داناوە.

وە لە هەمان کاتیش دا دامەزراندنی مەڵپەڕی کەمئەندامانی کوردستان

{ www. kemendaman. com }

دەروازەیەکی نوێی فراوانە لە بەردەم ئێمەی کەمئەنداماندا بەگشتی و پانتاییەکی فراوانی تری دەنگ و ڕەنگی کەمئەندامانە کە بی سانسۆر دەتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت کە ئێمە وەك کەمئەندامان لەمڕۆدا پێویستمان پی یەتی ئەگەر چی تەنها قۆرخ نەکراوە بۆ کەمئەندامان و هەمووانکەس کە هیچ کێشەیەکی جەستەییان نەیە دەتوانن و ئازادن لە بڵاو کردنەوەی بیرڕاو سەرجەم بابەتەکانیان من وەك خۆم زۆر هیوام پی هەیە کە ببێتە سەرچاوەیەك هەموو لایەك دواجار بگەڕێنەوە بۆی بۆ وەرگرتنی هەر زانیارییەك کە دەمانەوێت دەستمان کەوێت لە سەر کەمئەندامان وەپشتی پی ببەستین ئەمەش بەوە دەکرێت ئەو زانیاریانەی تایبەتە بە کەمئەندامان و ڕوێکی یاسایان هەیە تیادا بڵاو بکرێتەوە وە لایەنی پەیوەندیدار بە بڕیارەکە یان هەوڵدان بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەو زانیاریانە لە لایەن لایەنی بەر پرسەوە، وەبێگوێدانە هەر بەربەست و لەم پەرێك کێشەکانی کەمئەندامان وەك خۆیان دابەزێندرێت وە هەوڵدان بۆ دەست خشتنی هەموو ڕێکەوتن نامە جیهانی و ناوخۆییەکانی تایبەت بە کەمئەندامان و بڵاو کردنەوەی هەموو بڕیارە ناوخۆییەکانی تایبەت بە کەمئەندامان بە شێوەیەکی بەردەوام تا کەمئەندامان بە مافەکانی خۆیان ئاشنابن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خاڵێكی گرنگ تر ئەوەیە هەوڵ بدرێت بایەخ بە هۆشیار كردنەوەی كۆمەڵگا لە سەر كێشەكانی كەمئەندامان و ڕاست كردنەوەی بیرو ڕای هەڵە و چەوت لە سەرمان.

بە گشتی كردنەوەی ئەم سیادە بە ناوی مەڵپەڕی كەمئەندامانی كوردستانەوە كرانەوەیەكی بڕبایەخ و ڕەخساندنی كەشێكی لە بارە لەبەردەمماندا دەتواندرێت زۆر لایەنی گرنگ تری كەمئەندامان لەم دەروازەیە وە باس بكرێت وسود بە كەمئەندامان و كۆمەڵیش بكات بۆیە من زۆر دەست خۆشی لە بەڕێز مامۆستا (حیكمت معروف) دەكەم بۆ ئەم هەوڵەی بۆ خزمەتكردنی كەمئەندامان كە دواجار خزمەتیشە بە كۆمەڵگا بە گشتی لەو ڕوانگەیەوە كە كەمئەندامان هەرگیز توێژێكی دابڕوای كۆمەڵ نین و بە دابڕان و پەراوێز خستنمان ئەركی زیاتر دەخاتە سەر حكومەت و كۆمەڵیش بە هۆی ژمارەی كەمئەندامانەوە ناكرێت لە 8 بۆ 10% ی دانیشتوانەكەت نەخوێنیتەوە و هەوڵی بە مەدەنی كردنی كۆمەڵ بدەین یان هەنگاو بەرەو شارستانیەت بنێین وە بە هەمان تێڕوانینی حكومەت و لایەنی پەیوەست بە كێشەكانمان كەمئەندامان زیاتر مشە خۆرن وەك لەوەی بەرهەم هێن بن:

كە ئەمە تەواو هەڵەیە گەر بێت و زەمینەی لە بار و گونجاو بڕەخسێندرێت ئەوا كەمئەندامانیش دەتوانن بەرهەم هێن و دەست ڕەنگین بن بۆ خزمەت كردنی خۆیان و كۆمەڵ و وڵات ئەركی دەرخستنی ئەم ڕاستیە و تواناكانی كەمئەندامان بەشی دەكەوێتە ئەستۆی مەڵپەڕی كەمئەندامان كە دڵنیاشم بە زیادەوە ئەم ئەركەی جی بەجی دەكات چونكە بە پێچەوانەوە بونی خالی دەبێت لە بەهاكانی ئەو ناوەی كە بە خۆی بەخشیوە، خودی مامۆستا حیكمەتیش ئەتوانم بڵێم كەسێكی پی داگرە لە سەر مافی كەمئەندامان ئەوەندەی من هەستم پی كرد بێت هەر كات سوكایەتیەك بە كەمئەندامان كرابێت لەلایەن هەر لایەكەوە بێت گەر لە نەزانینەوەش بو بێت مامۆستا حكمت وەك دەریا خرۆشاوە و بە شێوەیەك وڵامی داوەتەوە كەلایەنی هەڵە كار نەك هەر لە دەماغی دراوە بەڵكو بوشە بەپەند بۆ كەسانی تر زۆر نمونەشم لایە لەم بارەیەوە وەك ئەو هڵەیەی لە بەرنامەی پشوی هەفتەی تەلەفزیۆنی كوردستان وە ڕویدا و كاردانەوەیەكی مامۆستا و وەڵامەكەی بەرنامەی ناو براومان خوێندەوە لە كوردستان نێت

ئەگەر چی ئەوان وەك لە وەڵامەكەیاندا باسیان كردوە مەبەستیان دەرخستنی توانای كەمئەندامان بووە منیش تاڕادەیەك ئاگاداری ئەوەم و زۆریك لە بەرنامەكانیانم بینەوە.

گەرچی دەبووهەرلەسەرەتی دامەزراندنی مەلپەڕی كەمئەندامانەوە ئەم نوسینەم ئامادەبكردایە و پێشكەشم بكردایە. چونكە دامەزراندنی مەڵپەرەكە زۆر هیوای بەمن بەخشی.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.